# مار

ڕەحمان سۆفی

**( کورتە چیرۆک )**

دەڵێم مار دەبینم.

هاوڕێ دەڵێ « مار، نا بابە، ماری چی، نا مارنییە، ڕەنگە سەرمازەڵەبێ »

خوشکە هاوڕێش دەڵێ « کوڕە مار نییە، بەڵام لەم نێوە مارمێلکەی زۆرە «

هاوڕێی پرسگە هەڵ ئەداتێ و دەڵێ « ماری چی، کوڕە، چاوت ڕەشکە و پێشکە دەکا، یان خشەی پێی خۆتە لێت دەبێتە مار. دەنا کوا مار، ئەی بۆ ئێمە نایبینین ! »

هاوڕێکەم لە نشینگەیەک دەژی، لە نێوان هەولێر وکۆیە. نشینگە لە دەشتێکدا هەڵکەوتووە. ئەو خانووەی تێیدا دەژی هەمووی هەر بە چیمەنتۆ داڕێژراوە. بە ڕۆژدا ئەوەندە گەرم دەبێ مرۆڤ تێدا کاس و وڕدەبێ.

زۆر بیر لە گەرما و سەرما ناکەمەوە. بیر و هۆشم زۆرتر دەڕوا بۆ لای بژوێنی و چڕ و پڕی گژوگیا و سەوزەلانی پڕ گوڵی دەور و بەری خانوەکە. بە ڕۆژدا جانەوەری سەیر دەبینم. مار و مێروو، مارمێلکە، سەرمازەڵە، کولە، قربۆق، زەردەواڵە، مێش ومەگەس . . . بە شەویشدا مێشەکوێرە، دووپشک، قالۆنچە، و پەپوولە و. . . لە هەمووش سەیرتر ئەوەیە، هاوڕێ سەگێکی لە نزیک ماڵەکەی بەستووەتەوە.

هاوڕێ دەڕوا بەلای کاری خۆیەوە. منیش بە تەنیا لە ژووری دەمێنمەوە. لە تەنیایی وەڕەزم، خۆم بە خوێندنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێبەوە خەریک دەکەم. لە خوێندنەوەش وەڕەز دەبم. دەمەوێ بچمە دەرێ، و لە نێو ئەو گژ وگیا و مێرگەدا بڕێک پیاسە بکەم. بەڵام لەگەڵ من دەبزوم سەگە بۆر شێت و هار دەبێ، و هاف، هاف،هەف، دەوەڕێ. دەیکاتە چەق و لوور. ئەوندە دەوەڕێ تا ماندوو دەبێ. بێدەنگ دەبێ، دوای ماوەیەکی کورت ، دیسانەوە دەوەڕێ ودە مڕێنی. لە ترسی گۆڵە بۆر دائەنیشمەوە. ماوەیەکی دیکەش تامڵ دەگرم، بەڵام ئەوندە تەنگاو دەبم، ئیدی خۆم پێ ڕاناگیرێ. بە ناچار هەڵدەستم و بە ئسپایی لە ژوورەکە دەر دەکەوم. دەڕۆم بۆ لای بەلۆعەی ئاوەکە. گۆڵە بۆر هەمیسان دەیکاتەوە چەق و لوور هاف، هاف، هەف. خۆی ڕادەپسکێنێ دەیەوەێ لە دەست ئەو پەت و زنجیرە ڕزگار بێ. هاشاوڵ دێنێ و دێتە پێشەوە. پەتەکە لە ملی توند دەبێ. چەن هەنگاو دەکشێتەوە، دێسان تەکان لە خۆی ئەدا، بەڵام هەر چەن

دەکا پەتەکەی بۆ ناپسێ. منیش بێ ترس لە گۆڵە بۆر ئافتاوە پلاستیکیەکە پڕدەکەم لە ئاو، و دەچم بۆ ئاودەستەکە. کاری دەسبەئاو ئەنجام ئەدەم، بە گرجی دەگەڕێمروە. ئەم جار نەگۆڵە بۆر دەوەڕێ، و نە منیش لێی دەترسم. ئەو لەگەڵ من ڕاهاتووە، منیش زاتم لەو شکاوە. دەگەڕێمەوە بۆ ژوورەکە. نزیک دەبمەوە لە درگاکە، خشە خشێک وەهەستم دێنێ. دەڕوانمە دەور وبەری خۆم. چ ببینم مارێکی ڕەش. پێچ لە خۆی ئەدا و قەف، قەف، دەبێ. ڕاست دەبێتەوە و لوول دەبێ و دەخشێ. بە دیتنی ئەو مارە ڕەشە نیوە گیان دەبم. هەناسە هەڵکێشانم گران دەبێ. دڵم دەکەوێتە دڵەکوتە. بێ هەست دەبم. مار ملی هەڵدێنێ و دەهاژێ و دەهوشێنێ. ڕوو لە لای من دەکا. وا هەست دەکەم دەیەوێ ئامبازمبێ، بەڵام لە پڕدا دوو سێ قەف لە خۆی ئەدا و ڕاست و لار دەبێ و زۆر بە خێرایی دەخزێ و دەڕوا. لە نێو گژ و گیاکەدا ون دەبێ. کەمێک دێمەوە سەر خۆ. دەڕوانمە چوار دەورم. پاشان خۆم دەکەم بە ژوورەکەدا. دەچمە لای دەستە نوێنەکە و دائەنیشم و پاڵ ئەدەمەوە. بە خۆم نییە دەستم دەڕوا بۆ پاکەتە سیگارەکەم. سیگارێک دائەگرسێنم و بە ئارەزوو، چەن مژی لێ ئەدەم، دوکەڵ بە بادەکەم. لەو دەمەدا هاوڕێ دێتەوە. بانگ دەکا « هاوڕێ لە ماڵی ؟ هەستە با بڕۆین بۆ سەرێ نانی بخۆین !» هەڵدەستم و لەگەڵی وەڕێ دەکەوم بەرەو سەرێ

سفرە ڕادەخرێ. چوار پێنج کەس لە دەوری کۆ دەبینەوە. نان و چێشت ئامادە، فەرموون، با سارد نەبێتەوە. ژەمە نان دەخورێ، و خوان لادەبرێ. دانیشتوین و چاوەڕێین چاییمان بۆ بێنن. سیگارێک دائەگرسێنم، مژێکی لێ ئەدەم و دەڵێم « هاوڕێیان دەزانن لە نزیک ماڵەکە مار هەیە « هاوڕێیان دەڕواننە یەکدی. سەرم بەر ئەدەمەوە، چەن چرکە بێدەنگی فەزای ژوورەکە دائەگرێ. پاشان هاوڕێی بە ماناوە دەڕوانێتە من دەڵێ

« باوەڕ ناکەم، لەم نێوە دا مار هەبێ. بەڵام سەرمازەڵە ی زۆرە. دووپشک بۆ نالێی، حەح ماڵتا لەو هەموو دووپشکە، وڵڵاهی یەکی زەلام پێوەیدام حەح ، چەندە ئێشا، پەکوو،! »

قسەکانی هاوڕێ تەواو دەبێ، ئەمجار نۆبەی قسەی خوشکە هاوڕێیە دەڵێ « باوەڕ ناکەم لەم نێوە مار هەبێ، بۆی هەیە مارمێلکەت دیبێ وا دەزانی مارە، »

دوای ئەو. هاوڕێی پرسگە وەدەنگ دێ و دەڵێ « بە چاوی خۆت دیت ، دڵنیای کە مار بوو؟ کوڕە مار نەبووە، داخوا چی بووە خشەی هاتوە پێتوایە مارە، دەنا کوا مار »

دەڵێم ئەرێ بابە بۆ باوەڕناکەن، بە چاوی خۆم دیم مار بوو، مارێکی ڕەش. هەر کە لە درگاکە نزیک بومەوە بەلامدا قەف قەف بوو خزی و بە خێرای ڕۆیی بۆ نێو ئەو گژ و گیایەی پشت پەنجێرەکە. بەڵام ئەوان هەمیسان بە ماناوە دەڕواننە یەکدی. بە چاوی بێ باوەڕییەوە تەماشام

دەکەن. تێدەگەم کە باشتر وایە لە سەری نەڕۆم. پێ داگرتنم بێ فایدەیە. خوشکە هاوڕێ بە چپەوە بە هاوڕێی پروسگە دەڵێ « باوەڕ ناکەم مار بێ، ئەی بۆ ئێمە هیچمان نە دیوە !. ئەوەتی لێرم مارم نەدیوە «

چایی دەخۆرێتەوە ئەوان دەڕۆن بەلای کاری و فەرمانی خۆیانەوە. منیش هەڵدەستم و دەگەڕێمەوە بۆ لای ژوورەکەی هاوڕێ. دەگەمە نزیک دیوارەکە هەمیسان مارە ڕەش دەبینم. هەڵبەتە ئەمجار وەکوو جاری هەوەڵ ناترسم. لەبەر خۆمەوە تێدەفکرم."باشە بۆ ئەو هاوڕێیانەم باوەڕم پێناکەن ؟ ئەوە نییە مارەکە بە چاوی خۆم دەبینم "

مار دیسانەوە دەخزێ و دەڕوا. ماوەیەک ڕادەوێستم. دوایە بە ئەسپایی درگاکە دەکەمەوە و دەچمە ژووری و دائەنیشم. سیگارێک دائەگرسێنم و زۆر بە تامەزرۆیی و ئشتیا دەیکێشم. ئارەزووی چایەک دەکەم. بەڵام، خۆم بە خوێندنەوەی گۆڤارە کۆن و ڕۆژنامەوە خەریک دەکەم. خەوم دێ بەڵام دەترسم بخەوم. " ئەوە هاتو لە خەودا مار پێوەیدام " ترسی مار و بێ باوەڕی هاوڕێیان دەمخاتە گێژاوەی فکر و خەیاڵەوە. خۆم بەوە دڵخۆشی ئەدەمەوە و بە خۆم دەڵێم " خۆ هەور هەمیشە بەری ڕۆژ ناگرێ، هەر کات و ساتێک بێ ڕۆژ وەدەر دەکوێ ". من لەو بیر و خەیاڵەدام، گۆڵە بۆر هەر بە هەوای پێشوو دەست پێدە کاتەوە. بۆم ڕوون نییە ئەو سەگە بە چی دەوەڕێ!، نە کەس دیارە، نە هیچ دەنگێک دەبیسرێ، نە من دەرکەوتوم ئەی بە چی دەوەڕێ؟ پاش ماوەیەک، هاف هاف هەف کردن و قوروسکە و نووزە، بێ دەنگ دەبێ. دەچمە فکری خۆمەوە، بەڵام هەر چەن دەکەم جەمسەری گولۆڵە ئاڵۆزکاوەکەم بۆ پەیدا نا بێ و نا بێ.

ئێواریێ هاوڕێ دیتەوە. پاش ماندوو نەبینی و چۆن و چاکی کەوڵی نانی ڕادەخرا و. نان دەخۆین و هەر یەک لە لایەکەوە پاڵ ئەدێنەوە. ئەم جار مێشوولە و مێشەکوێرە نایەڵن خەوم لێ بکەوێ. هاوڕێ هەڵدەستێ و لامپاکە دەکوژێنێتەوە. لە ژێر پەتوەکەدا ئەم شان و ئەو شان دەکەم. لە سەر پشت درێژ دەبم. بەڵام خەوم نایە ونایە. تا بەیانی خەوم لێ ناکەوێ. سەبرم تەواو دەبێ تا بە هەر جۆرێک بوو شەو جێی خۆی ئەدا بەڕۆژ.

بەیانی دیسان هەر وەک ڕۆژی پێشوو لە خەو ڕادەبین. نان و چایی بەیانی دەخۆین. هاوڕێ دەڵێ « دەچمە خواریێ بۆ قەڵایە، هیچت ناوێ ؟ » ئەو دەڕوا بە لای کاری خۆیەوە. بە تەنیا لە ژوورەکەدا دەمێنمەوە. خۆم بە نووسینی ئەم چەن لاپەڕەیەوە سەر گەرم دەکەم. ژوورەکە بێ دەنگە، ماوەیەک هیچ شتێک نابینم. دەنگ نابیسم. ئەی بۆ گۆڵە بۆر وا دەوەڕێ ! لام سەیرە، ئەمجارە وەڕینەکەی تێکەڵاو بەناڵەیە، هەر وەکوو ئینسانێکی نەخۆش لە تاو دەرد و ژان

بناڵێنێ. تا دێ ناڵەکەی زیاتر دەبێ. دەچمە دەرەوە. گوڵە بۆر وەک هەوەڵ بە تووڕەیی و، ڕقەوە ناوەڕێ. وەڕینەکەی زیاتر لە پاڕانەوە دەچێ. قوروسکە و نوزە ی دەێ، و کلکەسووتێ دەکا. ملی لار دەکاتەوە، گوێی دائەخا و بە داماوییەوە تەماشام دەکا. لێی نزیک دەبمەوە. دێتە پێشەوە، و لمۆزی نزیک دەکاتەوە. بۆنم پێوە دەکا، بە چاوێکی کزەوە دەڕوانێ. چاوی لە سەر یەک دائەنێ. بە وردی سەیری دەکەم، سەرنجی ئەدەم، دەبینم لا ملی ئاوساوە. سەرم هەڵدێنم دە بینم هاوڕێ لە پشت سەرمەوە وێستاوە و تەماشای من و سەگەکەی دەکا. سەگەکە هەرکە خاوەنەکەی دەبینێ، لە جێی خۆی هەڵدەستێی و بە کلکە سووتێ و خۆشەمایی کردن خۆی لە لاقی هاوڕێ هەڵدەسوێ. هەمیسان ناڵە و نووزەی دێ. هاوڕێش وەک ئەوەی لەگەڵ مرۆڤ بدوێ دەی دوێنێ. گوڵە بۆر خاوەنەکی تێدەگەیەنی کە لاملی ئاوساوە. ئەویش بە وردی سەرنجی ئەدا و دەست بە سەر و ملیدا دێنێ. کەمێک تێ ڕادەمێنێ و دەڵێ « خوێری ئەوە چییە داوەرە! ئەوە بۆ لاملت ئاوساوە ؟» گوڵە بۆر هەر دەڵێێ لە زمانی دەزانێ، کزۆڵە دەبێ. هاوڕێ ئاخێک هەڵدەکێشێ و دەڵێ « با بڕۆین بۆ سەرێ نانی بخۆین، دوایە دەمەوە بزانم چ بکەم » هیچ ناڵێم، لەگەڵی وەڕێ دەکەوم و دەڕۆین بۆ سەرێ. هەر وەک ڕۆژان سفرە ڕادەخرێ، وەک ئەندامانی یەک خێزان لە دەوری سفرە و نان و چێشت کۆ دەبینەوە. نان دەخۆین. سفرە لا دەبەن. هەر وەک ڕۆژانی ڕابردوو چاوەڕوانی چایی دەبین.

هاوڕێ پرسگە لێم دەپرسێ « ئەمڕۆکە مارت نە دیوە ؟» هیچ وەڵامی نادەمەوە. لە بیری ئەوەدام چۆن پێی بسەلمێنم کە نە خەیاڵاتی بووم و نە درۆش دەکەم. ئەوان هەموو وێکڕا پێدەکەنن. خۆشکە هاوڕێ قا قا دەکێشێ و بە گاڵتەوە دەڕوانێ. هاوڕێ مات دەبێ، تێ ڕادەمێنێ. خوشکە هاوڕێ دەپرسێ « ئەوە چییە بۆ وا ماتی »

هاوڕێ دەڵێ « وەڵڵاهی بۆ سەگەکەم، نازانم چی پێوەی داوە، لاملی ئەوندە ئەستور بووە. تۆ بڵێی چ بێ »

ئەوانیش دەڵێن « هیچ نییە کوڕە، ڕەنگە مێش و شتی وا پێوەی دابێ. بۆ خۆی چادەبێ، دەی، خەم مەخۆ. دوو قسەی خۆشمان بۆ بکە! لەوە باشترە »

هاوڕێ دەڵێ « کوڕە چی خۆی چا دەبێ، وەڵاهی ڕەنگە دووپشک پێوەی دابێ، ماڵتە ئەو نێوە هێندەی دووپشک هەیە، دوێنێ شەوێ دانەیەک بە خۆمیەوە داوە، ئەرێ وەڵاهی ئێستاش دێشێ. سەیرە ئێوە پێدەکەنن. بە سەرتان نەهاتووە »

لەگەڵ هاوڕێ وەدەر دەکەوین و بەرەو لای ژوورەکەی ئەو دەگەڕێینەوە. زۆری نامێنێ بگەینێ. مارەکە بە لاماندا تێدەپەڕێ. هاوڕێ بە خشە و خزینی مارەکە دائەچڵەکێ. ڕادەوێستێ

له من دەپرسێ « ئەرێ ئەوە چ بوو؟ » وەڵامی نادەمەوە، مات دەبم و هیچ ناڵێم. ئەو دەکەوێتە خۆ و دەور و بەر دەگەڕێ. مارەکە لە نێو گژ و گیاکە دەخزێ و ون دەبێ. هاوڕێ وەدووی دەکەوێ، بەڵام مار خۆ لە ژێر گژ و گیا کەدا دەشارێتەوە. هاوڕێ بە توڕەییەوە خۆی دەکا بە ژوورەکەدا. دێتەوە دەرێ . . . بە دەستەوەیە زۆر بە تووڕەییەوە وەک ئەوەی لە سەنگەری دوژمن بڕوانێ، سیلە و چەفتە لە تەپکە گیایەکە دەگرێ، هێندێک ڕادەوێستێ. ئەنگوست لە سەر . . . دائەگرێ و یەک ڕێژنە بە قرمە بە سەر تەپکە گیایەکە و مارەکەدا ئەبارێنێ. لە ژێر لچەوە دەڵێ « ئە، ئاوات دەتۆپێنم، دەی، بە سەگمەوە دەدەی، دەبڕۆ، ئەوە گۆڕت بێ دەی. »

تەماشایەکی من دەکا. هەم تووڕەیە و هەم بە چاوی شەرمەوە سەرنجم ئەدا. هیچ ناڵێم، بەڵام لە دەڵەوە زۆر خۆشحاڵم. زیاتر بە وە کەیف دەکەم، کە هاوڕێ بە چاوی خۆی مارەکەی دی. لە قرمەی . . . وە دەنگی هاوڕێ، خوشکە هاوڕێ و هاوڕێی پرسگەش دائەگەڕێن بەرەو خوار بۆ لای ئێمە. هەر دووکیان ڕەپ ، ڕەپ ڕادەوێستن، بە سەر سووڕییەوە ، دەڕوانن یەکدی. .

ئاپریلی 1998 ڕەحمان سۆفی